## ئەمە ناسنامەی بانکییە

ناسنامەی بانکی جۆرێکە لە ناسنامەی ئەلیکترۆنی کە یارمەتی کۆمپانیاکان، بانکەکان، رێکخراوەکان و ئاژانسەکان دەدات تاوەکو بچنە نێو رێکەوتنامەکان و دەستنیشانیان بکەن لەگەڵ کەسانی تایبەت و لەرێگەی ئینتەرنێتەوە. ناسنامەی بانکی بریتییە لە بەڵگەنامەیەکی ئەلیکترۆنی کە هاوتایە لەگەڵ پاسەپۆرت، مۆڵەکتی شوفێری یان هەر بەڵگەنامە و ناسنامەیەکی فیزیکی تر.

## ئەم ناسنامە ئەلیکترۆنییە لەلایەن بانکەکانەوە دەردەچێت

هەر کەسێکی تایبەت کە ناسنامەی کەسی سویدی هەیە دەتوانێ لەرێگەی بانکەکەیەوە ناسنامەی بانکی بەدەستبهێنێت. ناسنامەی بانکی هەمان بەهای هەیە بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێندرێت بەبێ گوێدانە ئەوەی کە چ بانکێک دەریکردووە.

## ناسنامەی بانکی بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێندرێت.

ئەو بانکانەی کە ناسنامەی بانکی بۆ کەسانی تایبەت دەردەکەن بریتین Danske Bank, ICA Banken, Ikano Bank وHandelsbanken, Länsförsäkringar Bank, Nordea, SEB, Skandiabanken, Sparbanken Syd, Swedbank Ålandsbanken. لە کۆتاییدا، ئەو بانکانە 8 ملیۆن بەکارهێنەری بانکی ئینتەرنێتیان هەیە کە توانای بەکارهێنانی ناسنامەی بانکیان هەیە لە رێگەی ئینتەرنێت - و بەکارهێنانی خزمەتگوزاری بانکی لەرێگەی مۆبایلەوە، لەگەڵ ئاژانسەکانی حکومەت و شارەوانییەکان و کۆمپانیا تایبەتەکان. لە2017 ، پێشبینی ئەوە کراوە کە ناسنامەی بانکی نزیکەی 2.5 ملیار جار بەکاربهێندرێت.

زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لەمرۆدا ناسنامەی بانکی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن، خاوەنی ناسنامەی بانکین.
لایەنی تریش هەیە کە ناسنامەی بانکی دەردەکات وەکو Telia .